1



# پەیمانی لۆزان و پرسی ویلایەتی موسڵ

نووسینی:
ئاریان ئومێد حەمەتاڵ - شێنێ جەلال جەبار

# پەیمانی لۆزان و پرسی ویلایەتی موسڵ

نووسینی:

ئاریان ئومێد حەمەتاڵ

شێنێ جەلال جەبار

٢٠٢٣ی زایینی ٢٧٢٣ی کوردی

- ناوی پەرتووک: پەیمانی لۆزان و پرسی ویلایەتی موسڵ
- نووسینی: ئاریان ئومێد حەمەتاڵ ـ شێنێ جەلال جەبار
- بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی
- دیزاینی بەرگ: ئەسما محێدین کانەبی
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٣
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم – چاپی ئەلکترۆنی
- زنجیرە: مێژوو بۆ کورد – ژمارە (١)

**پێڕست:**

**پێشەکی**........................................................................ ٤

**تەوەری یەکەم:** بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە:........................................ ٧

**تەوەری دووەم:** پەیمانی لۆزان و چارەنووسی ویلایەتی موسڵ:........................................................ ٢١

**ئەنجام**........................................................................ ٣٤

**لیستی سەرچاوەکان**................................................... ٣٧

## پێشەکی

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، دەستپێکی گۆڕانکاری گەورەبوو لە نەخشەی سیاسی جیهاندا. یەکێک لەو هێزانەی بە زەقی ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریەی پێوەدیاربوو، دەوڵەتی عوسمانی بوو کە لەماوەی جەنگەکەدا زۆربەی خاکەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی لەدەستدا. ئەنجامی ئەم لەبەریەک هەڵوەشان و لاوازبوونەی دەوڵەتی عوسمانی، هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانان بوو بۆ ناو پایتەختی دەوڵەتەکە. هەروەها گەشەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوەیی لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی ژێر قەڵەمڕەوییەکەیدا، لەوانە کورد و ئەرمەنییەکان کە دواتر پەیمانی سیڤەری لە (١٩٢٠)دا بەدوای خۆیدا هێناو مافی دروستکردنی کیانی

سـەربەخۆیی بەم پێکهاتـانە بەخشـی. بەڵام ئەم بـارودۆخە لەگەڵ دەرکەوتنـی بـزوتنەوەی ڕزگـاری نیشـتمانی لە ئەنادۆڵـدا کە تـورکە نەتەوەییەکـان سـەرکردایەتییان دەکـرد، گـۆڕانی بەسـەردا هـات. تورکەکـان لە جەنگـی سـەربەخۆییدا سـەرکەوتنی خێرایـان بەدەسـتهێناو لەمـاوەیەکی کورتـدا زۆربەی خـاکی تورکیـای ئەمڕۆیـان کـۆنترۆڵکرد، هاوپەیمانـانیش لەگەڵ ئەم بـارودۆخەدا خۆیـان گونجانـدو هەوڵیانـدا لەگەڵ تـورکە کەمالییەکـان ڕێککەوتنێـک واژو بـکەن، کە دواتـر پەیمـانی لـۆزانی لە ٢٤ی تەمـووزی (١٩٢٣)دا لـێکەوتەوە، کە خەونـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کـوردیی کۆتـایی پێهێنـا. لەم تـوێژینەوەیەدا لە چوارچێـوەی دوو تەوەردا هەوڵمانـداوە بـارودۆخی ئەو دەمەی دەوڵەتـی عوسـمانی و هەلـومەرجی

دەرکەوتنـــی تـــورکە کەمالییەکـــان و پاشـــان چـــۆنیەتی بەســـتنی پەیمـــانی لـــۆزان و پەیوەنـــدی بە چارەنووســـی ویلایەتـــــی موســــــڵەوە ڕوونبکەیــــنەوە. لە کۆتاییشــــــدا گەیشــتوین بە چەنــد ئەنجامێــک کە لە چوارچێــوەی چەنــد خاڵێکدا ئاماژەی پێکراوە.

## تەوەری یەکەم: بـــارودۆخی دەوڵەتـــی عوســـمانی لەپـــاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە:

بەهێرشـــی هێزەکـــانی ئەڵمانیـــا بۆســـەر بەلجیکـــاو فەڕەنســـا لە ســـەرەتای مـــانگی ئـــابی (١٩١٤)دا، جەنگـــی یەکەمـــی جیهـــانی بە فەرمـــی دەســـتیپێکرد، هێـــزە شـــەڕکەرەکان بەســـەر دووبەرەی ســـەرەکیدا دابەش بوبـــوون، ئەوانـــیش بەرەی ناوەنـــد و هاوپەیمانـــان بـــوون، هەرچـــی بەرەی ناوەنـــدە پێکهـــاتبوو لە (ئەڵمانیـــا، نەمســـا-مەجەر)، بەرەی هاوپەیمانـــــانیش هەریەک لە (فەڕەنســـــا، بەریتانیا، ڕووسیا، سڕبیا)ی لەخۆدەگرت.[1]

لەســـەرەتادا دەوڵەتـــی عوســـمانی بێلایەنـــی خـــۆی ڕاگەیانـــد، بەڵام هەر زوو بەشـــێک لە ســـەرکردەکانیان

---

[1]- سامان حوسێن ئەحمەد: زلهێزەکان لە یەکەم جەنگی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی سارد ١٩١٤-١٩٩١، چاپی یەکەم، (٢٠٢٠)، ل٥٣-٥٤.

بەنهێنــی لەگەڵ ئەڵمانیــا پەیوەنــدییان بەســت.[1] تــا ئەوەی کەشـــتیگەلی عوســـمانی بە فەرمـــانی ئەنـــوەر پاشـــاو یـــارمەتی ئەڵمانەکـــان، لە ٢٩ تشـــرینی یەکەمـــی (١٩١٤)دا بە ســـــەرکردایەتی (سۆشـــــۆن) هێرشـــــی کردەســـــەر بەنـــــدەری ڕوســـــەکان لەدەریـــــای ڕەش، ئەمەوایکـــــرد هاوپەیمانــــــان جەنـــــگ دژی دەوڵەتـــــی عوســـــمانی ڕابگەیەنـــن.[2] بەمەش نـــاوچە جیاوازەکـــانی دەوڵەتـــی عوســـمانی کەوتە بەر پەلامـــاری هێزەکـــانی هاوپەیمانـــان، لەگرنگتـــرین ئەو ناوچـــانەش کە بـــوو بە مەیـــدانی جەنـــگ و

---

[1]– ئازاد علی مولود: بیری نەتەوەیی کورد بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و پەیوەندی کورد بە جەنگەکەوە، زانکۆی ڕاپەڕین، (٢٠١٨)، ل١٣.

[2]– ئێرک جەی . زورچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، وەرگێڕانی: پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، (سلێمانی، ٢٠٠٩)، ل١٧٦.

زیــــانێکی زۆری پێگەیشـــــت هەرێمەکـــانی ڕۆژهەڵات بـــوو، کە زیاتر ناوچەکانی کوردستانی دەگرتەوە.[1]

ســــــوپای عوســــــمانی هەرزوو چەنــــــدین تێکشـــــکانی پڕســــوێی بەخــۆیەوەبینی بەتــایبەت لەبەهـــاری (١٩١٥)دا، دەیـــان هەزار ســــەرباز لەبەرەکـــانی شــــەڕ دژی ڕووس، لەبەر سەرماوســــۆڵەو کەمــــی خــــۆراک لەنــــاوچوون.[2] ڕوســــیا هەمــــوو ئەو ناوچـــانەی ســـــەندەوە، کە پێشـــتر تورکەکــان داگیریــان کردبــوو، تەنــانەت ســـەدان کیلــۆمەتر بەناوخـــاکی کوردســـــتاندا پێشـــــرەوییان کـــردو بەشـــێکی فراوانـــــی ڕۆژهەڵات و بـــــاکووری کوردســــــتانیان کەوتە

---

[1]– م. ڕەسوڵ هاوار: کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، بەرگی یەکەم، (سلێمانی، ٢٠٠٠)، ل٥٣٤.

[2]– حەمید بۆزئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، (هەولیر، ٢٠١٢)، ل٣٥.

ژێردەســـــت. لەشــــکری ڕووس و تیپەکـــــانی قـــــازاخ و ئەرمەنـــی و ئاســـورییەکان کوشـــتاری زۆریـــان لەخەڵکـــی ناوچەکـــانی ئەرزەڕوم و ئازەربایجـــان و بەدلـــیس و وان و ئالانســـکر و بایەزیـــد و ورمـــێ و مەهابـــاد و خـــانەقین و ڕەوانـــدز کـــرد و ئاوابیەکانیـــان وێـــران کـــرد، تورکەکـــانیش جـــگە لە ڕاگواســـتنی کـــوردانی نـــاوچەکە پەنایـــان بـــۆ هـــیچ چارەســـــــەرێکی دیــــکە نەبـــــرد، لەم چوارچێوەیەشـــــدا هەزاران کوردیـــان بـــۆ ناوەڕاســـتی ئەنـــادۆڵ ڕاگواســـت کە بەشێکی زۆریان لە ڕێگەدا مردن.[1]

بـــــارودۆخی عوســـــمانییەکان لەبەرەکـــــانی شـــــەڕ دژی بەریتانیـــا هاوشـــێوەی بەرەکـــانی ڕووســـیا ڕوو لە خراپـــی بـــوو، بەتـــایبەت پـــاش شکســـتی لەشـــکری عوســـمانی لە

[1]– نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕوون، (سلێمانی، ٢٠٠٧)، ل٢٧٠-٢٧٢.

شــوعەیبە لە نیســانی (١٩١٥)دا کە بــووە هانــدەرێک بــۆ پێشــــڕەوی خێــرای هێزەکـــانی بەریتانیـــا، ئەگەرچـــی عوســــمانییەکان بـــۆ مـــاوەیەکی کـــاتی توانیـــان پێشــڕەوییەکان ڕابگــرن و هێزەکــانی بەریتانیــا لە شــاری کـــوت گەمـــارۆ بـــدەن، بەڵام ئەمە ســــەرکەوتنێکی یەکـــلاکەرەوەی بەدوای خۆیـــدا نەهێنـــاو بەریتانییەکـــان پــاش مــاوەیەک دووبــارە دەســتیان بە پێشــڕەوی کــردەوە تــا لە ئــاداری (١٩١٧)دا توانیــان بچــنە نــاو شــاری بەغــداد و پاشـــان لەهـــاوینی (١٩١٨) کەرکـــوکیش بگـــرن، ئەم ســــەرکەوتنە یەک لەدوای یەکـــانەی بەریتانیـــا وای لە عوســـمانییەکان کـــرد داوای ئاشـــتی بـــکەن[1]، تـــا ئەوەی ئاگربەســـتی مـــۆدرۆس لە٣٠تشـــرینی یەکەمـــی(١٩١٨)دا

[1]– چارلز تریب: چەند لاچەڕەیەک لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی: محەمەد حوسین ئەحمەد ـ عەبدولقادر کەلهور، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٣)، ل٤٦.

بەسـتـرا، بەمەش کۆتـایی بەجەنـگ لەدژی دەوڵەتـی عوسـمانی هـات.[1] ڕۆژی ئیمزاکردنـی بەڵـگەی ئـاگربڕ، ئەنـوەر پاشـا و تەڵـعەت پاشـا و سـەرکردەکانی تـری تورکـانی لاو هەڵاتـن بـۆ ئەڵمانیـا، حکـومەتێکی نـوێ بەڵگەنـامەکەی پەسـەند کـرد، بەڵگەنـامەی ڕاگرتنـی جەنـگ زیـاتر ملـدانانی عوسـمانی بـوو بـۆ مەرجەکـانی هاوپەیمانەکان، بەتایبەت بەریتانیای سەرکەوتوو.[2]

دوای ئەوەش جەنەراڵ (مارشـاڵ) لە نـامەیەکی هەڕەشـە ئـامێزدا داوای لە (علـی پاشـا) سـەرکردەی هێـزی عوسـمانی کـرد کە موسـڵ بـدات بەدەسـتەوە، پاشـان مارشـاڵ بڕیاریـدا کە بەرەو موسـڵ بجـوڵێ و لە

---

[1]– ئەحمەد حەمەدئەمین: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٠)، ل٧٧.

[2]– نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم ...، ل٢٧٤.

هەشـــتی تشـــرینی دووەمـــی (١٩١٨) بـــێ بەرەنگـــاری شارەکەی گرت.[1]

هەربەپێـــی مەرجەکـــانی ئەو ئاگربەســـتە بەشـــێک لە ســـوپای عوســـمانی (تســـریح) کـــراو، دەســـت بەســـەر چەکەکانیشـــاندا گیـــرا، هەروەهـــا عوســـمانییەکان گەروو تەنگەبەرەکانیشـــیان لەدەســـتدا، بەم شـــێوەیە ئیمپڕاتـــۆریی عوســـــمانی بـــــوو بە دەوڵەتێکـــــی گەمـــــارۆدراو کە هاوپەیمانەکـــان ســـەرگەرمی داڕشـــتنی پلانێـــک بـــوون بەمەبەســـتی دابەشـــکردن و پـــارچە پـــارچەکردنی، هەر ئەمەش بـــوو بەهـــۆی ئەوەی لەدواتـــردا بەشـــێوەیەکی کـــرداری زەوییەکـــانی عوســـمانی لەنێـــو هاوپەیمانەکانـــدا دابەشـــــبکرێت. فەڕەنســـــییەکان ویلایەتـــــی ئەدەنە و

---

[1]– میم کەمال ئۆڤە: کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، (دهۆک، ٢٠٠٠)، ل١٦.

ئیتاڵیەکــانیش ویلایەتــی قــونیە و ئەنتاڵیــاو ئینگلیزەکــان و فەڕەنســییەکانیش پــێکەوە مەرعەش و ئــورفە و عینتابیــان لە باشــور داگیرکــرد. ئینگلیزەکــان بەوەشــەوە نەوەســتان بەڵکــو سامســۆن و مرزیفۆنیــان لە بــاکوور داگیرکــرد، هەروەهــــا هاوپەیمانەکــــان لەســــەر داگیرکردنــــی گەرووەکــانی دەردەنیــل و بۆســفۆر هاوکــاری یەکیــان کــــرد، ســــەرەڕای دابەزینــــی هێــــزی ســــەربازی لە ئیستەنبوڵی پایتەختدا.[1]

لە ٣٠ی کــــانونی دووەمــــی (١٩١٩)دا ئەنجــــومەنی بەرزی کۆنفرانســــی ئاشــــتی بڕیاریــــدا لەســــەر ئەوەی (ئەرمینیــا، ســوریا، میزۆپۆتامیــا، کوردســتان، فەڵەســتین،

[1]- کامەران محەمەد: کورد...بونیادێکی نەخەملێو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، (سلێمانی، ٢٠٢٠)، ل١٤٤-١٤٥.

نیــوه جەزیــرەی عەرەب) بەیەکجــاری لە ئیمپڕاتــۆرییەتی عوسمانی جیابکرێنەوە.[1]

پــاش حەوت مانــگ لە مــۆرکردنی ئاگربەســتەکە، یۆنــان بە پشــتگیری بەهێــزی بەریتانییەکــان مــافی داگیرکردنــی ئیزمیــرو ناوچەکــانی دەوروبەری بەدەســتهێناو دواتــر ئەم داگیرکــاریەی یۆنانییەکــان لە ئاســیای بچــوک شــێوازێکی بەرفراوانــی بەخــۆوەبینی و زۆر نــاوچەی تری دەرەوەی ئیزمیریشی گرتەوە.[2]

لەســالّی (١٩١٩)دا، زیــاتر ئەوە ڕوون بــوویەوە کە تــاکە ڕێــگە بــۆ پێشــگرتن لەم هەنگــاوانەی هاوپەیمانــان و گێــڕانەوەی ئەو نــاوچە داگیرکــراوانە، تەنهــا لەڕێــی جەنــگ و گــورزی ســەربازییەوە دەبێــت، بەڵام شکســتەکان،

---

[1]- نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم...، ل٢٧٦.
[2]– ئیریک جەی . زورچەر: مێژووی...، ل٢٠٩.

نەخۆشـــی و پەتاکـــان و هەڵاتـــن لەســـوپا، تێکـــڕای ئەوانە ســـــوپای عوســـــمانی لەبەریەک هەڵوەشـــــاندبوو، تەنیـــــا شـــوێنێک کە ســـوپای عوســـمانی تێـــدا چڕوکـــۆکراوە بـــوو بریتیبـــوو لە ناوچەکـــانی ڕۆژهەڵات، ســـوڵتان مـــحەمەدی شەشـــەم کە لەچـــارەی نوســـرابوو دوا ســـوڵتانی عوســـمانی بێـــــت، سیاســــــەتێکی لاوازی گرتبـــــووە بەر کە زیـــــاتر مەبەســـــتی ڕازیکردنـــــی هاوپەیمانەکـــان بـــوو، هەرچـــی پرســـی ســـەربەخۆیی تەواوی ئەنادۆڵیشـــە پرســـێکی هێنـــدە گرنگ و بە بایەخ نەبوو بەلایەوە.[1]

لەســـێبەری ئەو بـــارودۆخەدا هاوپەیمانـــان لە نیســـانی ســـــاڵی (١٩٢٠)دا لەشـــــاری (ســـــان ڕیمـــۆ)ی فەڕەنســـــا کۆبـــونەوەو لەدوایـــدا ئەم پەیمـــانە لەشـــارۆچکەی (ســـیڤەر) لە فەڕەنســـــــا لە ڕۆژی١٠ی ئـــــابی (١٩٢٠)دا ئیمزاکـــــرا

[1]- ئێریک جەی . زورچەرر: مێژووی...، ل٢١٠-٢٢٨.

بەپێــی ئەم پەیمــانە پێویســتبوو چەنــد پــارچەیەک لە زەوی و زاری ئەرمینیـــای تـــورکی بخـــرێتە ســـەر کۆمـــاری ئەرمینیـــای (ڕوســـیا). هەروەهـــا بڕگەکـــانی پەیمـــانەکە (٦٤،٦٣،٦٢) لە بەشــی ســێیەمدا تــایبەتبوو بە مــافی کــورد، کە بەپێـی ئەو پەیمـانە ڕێـگە خۆشـکرابوو بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـــــی کـــــوردی لەســـــەر بەشـــــێک لە خـــــاکی کوردستان.[1]

لەبەرامــبەر ئەم هەنگــاوانەی ســولّتان و هاوپەیمانانــدا، ڕەوتێکـی دیـکە لەنـاو دەوڵەتـی عوسـمانیدا دەرکەوتـن کە زیــاتر بە بــزووتنەوەی ڕزگــاری نیشــتمانی ناســرابوون، ئەم بـــزوتنەوەیە دواتـــر گـــۆڕا بـــۆ جـــوڵانەوەیەکی ســـــەربازی لەئەنـــــادۆڵی ڕۆژهەڵات و باشـــــوری

---

[1]- نەجم سەنگاوی: کوردستان و سەرکردەو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە(١١٦٩-١٩٩٥ز)، چاپی یەکەم، ل٢٩٥.

ڕۆژهەڵاتـــی تورکیـــا کە لەژێـــر ناونیشـــانی (جەنگـــی سـەربەخۆیی)دا دژی حکـومەتی ئەسـتەمبوڵ و هێزەکـانی هاوپەیمانـــان دەجەنگـــان، بەهـــۆی ئەم بـــزوتنەوەیەوە کەسـایەتیەکی نـوێ هـاتە گۆڕەپـانی سیاسـییەوە ئەویـش مســـتەفا کەمـــال و جەنەڕاڵە هاوڕێکـــانی بـــوون، کە توانییـــان چەنـــد ســـەرکەوتنێکی یەک بەدوای یەک لەمەیـدانی جەنگـدا بەسـەر ئەرمەنەکـان لەبـاکووری ڕۆژهەڵات و یۆنانیەکـــان لەباشـــووری ڕۆژئـــاوا و ئەنـادۆڵی ڕۆژئـاوا بەدەسـتبێنن.[1] هەروەهـا کشـانەوەی ڕووسـیا لە ویلایەتەکـانی ڕۆژهەڵاتـی دەوڵەتـی عوسـمانی بەهـۆی شۆڕشـی بەلشـەفیەوەو پاشـان هاوکاریکردنیـان لەگەڵ کەمالییەکانـــدا هۆکـــارێکی ســـەرەکی ئەم

[1]– موحەممەد گەلاڵەیی: لۆزان..ڕێکەوتننامەیەک دژ بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، گۆڤاری ئاژین، ژمارە(٣)، (٢٠٢٢)، ل٥٦–٥٧.

سەرکەوتنە خێرایانەی سوپای تورک بوو[1]، ئاکامی ئەم سەرکەتنانەش کردنەوەی دەرگای دیبلۆماسیەتی نێودەوڵەتیبوو بەرامبەر ئەو حکومەتە نوێیەی کە خودی مستەفا کەمال لە ئەنقەرە حوکمداری بوو[2]. شایەنی باسە مستەفا کەمال یەکێکبوو لە نەیارە سەرسەختەکانی پەیمانی سیڤەرو بەتەواوی دژی وەستایەوە، بۆ ڕێگری لێکردنیشی لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیدا کە لە ئەنقەرە دایمەزراندبوو کۆمەڵێک کەسی بە ناوی نوێنەری کوردەکان و ناوچەکانی دیکەوە دانابوو، ئەمەش زیاتر بۆ چاوبەست و فریودانی نەتەوە ناتورکەکان بوو کە گوایە لەو

---

[1]- شێرکۆ کرمانج، ئارام ڕەفعەت، ئیبراهیم سادق مەلازادە، نەزەند بەگیخانی، سەردار عەزیز: دوای سەد ساڵ لە سیڤەر کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟، چاپی یەکەم، (تاران، ٢٠٢٢)، ل٣٤-٣٧.

[2]- موحەممەد گەلاڵەیی: لۆزان...، ل٥٧.

دەوڵەتەی بڕیـــارە تـــورک دروســـتی بکـــات مـــافی خۆیـــان دەبێت.[1]

کەمالییەکـان پـاش سـەرکەوتنە سـەربازییەکانیان ئیـدی وەک دەســەڵاتی ســەرەکی لە تورکیــادا دەرکەوتــن، بــۆیە زلهێزەکـــانیش هەوڵیانـــدا لەگەڵیـــان ڕێکـــبکەون، ئەوەبـــوو لەســــالّی (١٩٢١)دا هەریەک لە ســــۆڤیەت و فەڕەنســــان لەگەڵ کەمالییەکانـــدا ڕێککەوتـــن، ئەوەی لەســــەنگەری تورکـــدا مـــابوویەوە تەنهـــا بەریتانییەکـــان بـــوون، کە ئەوانـــیش لە چوارچێـــوەی زنجیـــرە دانیشـــتنێکدا لەگەڵ تورکەکـــان گەیشـــتن بە ڕێککەوتـــن و پەیمـــانی لـــۆزان لە ٢٤ی تەمووزی (١٩٢٣)دا لەنێوانیاندا مۆرکرا[2].

---

[1]– سەرباز مەجید خۆشناو: بەستێنی مێژوویی و کاریگەری قۆناغی نێوان پەیماننامەکانی سیڤەر و لۆزان لەسەر جولانەوەی نەتەوایەتی کورد بۆ پرسی سەربەخۆبوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، (هەولێر، ٢٠١٨)، ل٥٨.

[2]– کامەران محەمەد: کورد...، ل١٥٨.

## تەوەری دووەم: پەیمـــــانی لـــــۆزان و چارەنووســـــی ویلایەتی موسڵ:

پـــاش ئەوەی تـــورکە کەمالییەکـــان توانیـــان بەســـەر یۆنانییەکانــدا زاڵــبن و ڕاپەڕینــی ئەرمەنەکــانیش بەوپەڕی توونــدوتیژییەوە ســـەرکوتبکەن، هـــاتنە ســـەرئەوەی ئەو کەمە مــافەی لە پەیمــانی ســیڤەردا بــۆ کــورد و ئەرمەن و کەمە نەتەوەییەکـــان دیـــاریکرابوو ئەویـــش لەڕەگەوە هەڵبکێشـــن. کەمالییەکـــان هەر لەســـەرەتاوە دانیـــان بە ســـــیڤەردا نەنـــابوو، هەربـــۆیە بە پەیمـــــانێکی هەڵوەشـــاوەییان لەقەڵەم دەداو لە هەوڵـــدابوون بـــۆ بەســـتنی پەیمــانێکی دیــکە کە ویســـتەکانی خۆیــانی تێــدا

جێكــرابێتەوە، ئەو پەیمــانەش پەیمــانی لــۆزان بــوو كە لە ٢٤ی تەمووزی (١٩٢٣)دا بەسترا[1].

یەكەم كۆبــونەوەی لــۆزان لە ٢٠ی تشــرینی دووەمــی (١٩٢٢)دا دەســـــتیپێكرد، عیســــمەت ئینۆنــــۆی هـــــاوڕێی نزیكــی مســتەفا كەمــال، ســەرۆكی وەفــدی تــوركی بــوو، لەم مــاوەیە كۆمەڵێــك پێشــهات ڕویانــدا كە بەتەواوی بە قــازانجی توركەكــان شــكایەوە، یەكیــان دروســـتبوونی كێشـــەیەكبوو لەنێـــوان ئەڵمانیـــا و فەڕەنســـا لەســـاڵی (١٩٢٢)دا، فەڕەنســا بــۆ ئەوەی توشــی كێشــەی زیــاترنەبێ ڕێككەوتنێكــی تــایبەتی لەگەڵ توركــدا مــۆركرد، هەروەهــا ئیتاڵیـــاش لەو دەمەدا بەهـــۆی كێشـــە ناوخۆییەكـــانیەوە گیرۆدەبوبـــوو، بەمجـــۆرە چـــی فەڕەنســـا چـــی ئیتاڵیـــا

[1]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: كوردو باكوری كوردستان..لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لەپیران، چاپی دووەم، بەرگی دووەم، (٢٠٠٦) ل١٩٤.

دەرفەتـــی ئەوەیـــان نەبـــوو وەک کـــاتی بەســـتی پەیمـــانی ســـیڤەر بەتەنـــگ لاوازکردنـــی تورکەکـــانەوە بـــن، ئەوەی لەو ســـــاتەدا بەهێـــزو پێـــداگرییەوە بەرامـــبەر تـــورک وەســـتابوو تەنهـــا بەریتانیـــا بـــوو، کە وەک بـــراوەی جەنـــگ ڕفتـــاری دەکـــردوو دەیویســـت ویســـتەکانی خـــۆی بەســـەر تورکیـــای نوێـــدا بســـەپێنێت، ئەگەرچـــی تـــوانرا بەشـــێک لەکێشـــــەکان چارەســـــەربکرێن، بەڵام بـــــارودۆخەکە بەتەواوی بەدڵـــی تورکەکـــان نەبـــوو، بەتـــایبەت لەمەڕ پرســـــی ویلایەتـــــی موســـــڵەوە، هەربـــۆیە تـــــورکە نەتەوەپەرســـتەکان وەفـــدەکەی عیســـمەت ئینۆنۆیـــان بە شکســـتخواردوو لە دانوســـتانەکاندا تۆمەتبـــار کـــرد[1]. بەهـــۆی ئەم بـــارودۆخەوە نـــاڕەزایی تورکیـــا زیـــادیکردو پـــڕۆژەی پەیمـــانەکە کـــە زیـــاتر هاوپەیمانـــان تێیـــدا

[1] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار: کورد...، ب٢، ل١٩٥-١٩٧.

بالادەســــــــتبوون شکســــــــتیهێنا، بـــــــۆیە دووبـــــــارە کۆبوونەوەکــــــــــــــان لە ٢٣ی نیســــــــــــــانی (١٩٢٣)دا دەســـــتپێکردەوە، لە کۆبـــوونەوەی ئەمجـــارەدا شـــاندی بەریتـــانی بە ســـــەرۆکایەتی (ســـێرهۆراس رامبۆلـــد)بوو، بەڵام شـــاندی تـــورکی هەروەک پێشـــتر لەلایەن (عیســـمەت ئینۆنـــــۆ)وە ســـــەرۆکایەتی دەکـــرا، یەکێـــک لە بـــابەتە ســـەرەکیەکانی کۆبوونەوەکـــانیش پرســـی ویلایەتـــی موســـڵ بـــوو[1]. لە کۆبـــوونەوەی ئەمجـــارەدا تورکەکـــان هەرزوو لەگەڵ یۆنانییەکانـــدا کێشـــەکانی نێوانیـــان چارەســـەرکرد، بـــۆ لایەنەکـــانی دیـــکەش یەکێـــک لە داوا ســـەرەکییەکان ئەوەبـــوو تورکیـــا جیـــاوگە ئـــابووریی و یاســـاییەکان بـــۆ

[1] – پشکۆ حمەتاهیر عبدالرحمن: شاری کەرکوک لەنێوان سالانی ١٩١٧-١٩٢٦، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە، پێشکەشی بەشی مێژویی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل١٣٦.

هاوپەیمانـــان بســـەلمێنێت، بەڵام وەفـــدی تـــورکی ئەوەی ڕەتکـــردەوە کە هـــیچ شـــتێک پەســـەندبکات کە ســـەروەری دەوڵەتە نوێیەکەیـــان پێشـــێلبکات، هەڵـــبەت هاوپەیمانـــان هەڵوێســـتیان لاوازبـــوو چـــونکە هیچیـــان ئەو ئامادەییەیـــان تێـــدانەبوو کە لەپێنـــاو ســـەپاندنی داواکاریەکانیانـــدا بچـــنە جەنگێکـــی نوێـــوە[1]، بەم هۆکـــارە وەفـــدی تـــورکی جـــگە لە پرســـی ویلایەتـــی موســـڵ، توانیـــان زۆربەی خواســـتەکانی دیکەیـــان لە پەیمـــانەکەدا جێـــبکەنەوە، ئەوەبـــوو لە کۆتاییـــدا پەیمـــانی لـــۆزان لە ٢٤ی تەمـــوزی (١٩٢٣)دا، لە سویســـڕا واژوکـــرا[2]. لایەنە بەشـــدارەکانی ئەم پەیمـــانە پێکهـــاتبوون لە: (فەڕەنســـا، بەریتانیـــا، ئیتاڵیـــا، یۆنـــان، ســـڕب و کڕواتیـــا،

[1] – ئێریک جەی . زورچەر: مێژووی...،ل ٢٤٦.

[2] – دیوید مک داول: مێژووی هاوچاخی کورد، وەرگێڕانی: حامید ڕەشیدی زەرزا، چاپی ئەلکترۆنی، ل ١٨٥.

ڕۆمانیـــا، ســـلۆڤانیا، ژاپـــۆن) له بەرامبەریشـــیاندا تورکیـــا[1].

پەیمـــانەکه لە (١٤٣) ســـەدوچل و ســـێ مـــادەو دوو پاشـــکۆ پێکهـــاتبوو، بەســـەر پێـنج بەشـــی ســـەرەکیدا دابەشـــکرابوو، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەبوو:

بەشـــی یەکەم: ڕێســـا ڕامیارییەکـــان، لە ســـێ بەنـــدی سەرەکی پێکهاتووە.

بەشـــــی دووەم: یاســـــا داراییەکـــــان، لەدوو بەنـــــدی سەرەکی پێکهاتووە.

بەشـــی ســـێیەم: یاســـا ئابوورییەکـــان، لە شـــەش بەنـــدی سەرەکی پێکهاتووە.

بەشـــی چـــوارەم: پەیوەنـــدییەکان و کێشـــە دروســـتەکان، لە دوو بەندی سەرەکی پێکهاتووە.

---

[1] – شەفیقی حاجی خدر: پەیمانی لۆزان... سەد ساڵ دابەشکاری و بندەستی، گۆڤاری ئاژین، ژمارە (٣)، (٢٠٢٢)، ل٤٨.

بەشـــی پێــنجەم: دەســـەڵاتپێدانی جۆراوجــۆر، لە ســـێ بەندی سەرەکی پێکهاتووە[1].

هەرچەنــدە تورکەکــان ڕەخنەیــان لە وەفــدەکەی خۆیــان دەگــرت کە گــوایە لە میســاقی میللــی لایانــداوە، بەتــایبەت لە پرســـی ویلایەتــی موســڵدا، بەڵام بەگشــتی تورکیــا لەم پەیمانەدا دەستکەوتی زۆری بەدەستهێنا، لەوانە:

١- هەڵوەشــاندنەوەی بەشــێک لە مادەکــانی پەیمــانی ســـیڤەرو لەبــاربردنی خەونـــی دروســـتکردنی دەوڵەتـــی کـــوردی و ئەرمەنـــی لەســـەر خـــاکی تـــازەی کۆمـــاری تورکیا[2].

---

[1] – موحەممەد گەلاڵەیی: لۆزان...، ل٥٨.

[2] – حەمید بۆزئەرسەلان: مێژووی...، ٤٩.

٢- بەڕەسمی ناساندنی دەوڵەتی تورکیا لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا وەک کۆمارێکی دیموکراتی علمانی نەتەوەیی لەسەر نەخشەی نوێی جیهان.

٣- سەرپەرشتیکردنی تورکیا لەسەرکاروباری هەموو تەنگەکانی وەک بۆسفۆر و دەردەنێل، هەروەها دەسەڵاتی وەرگرتنی ڕسوماتە گومرکیەکان بەدەر لەو جیاوگانەی بە بێگانەکان بەخشرابوو.

٤- تورکیا هیچ قەرەبویەکی جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەردا نەسەپا[1].

٥- جاردانی لێخۆشبوون لەو بەرپرس و دەسەڵاتدارە عوسمانیانەی لە ڕوداوە سیاسییەکانی (١٩١٤-١٩٢٢) ڕۆڵیان هەبووە، واتە بەدوادانەچون لە

[1] - موحەممەد گەلاڵەیی: لۆزان...، ل ٥٩.

دادگـــاییکردنی تاوانبـــارانی جینۆســـایدی ئەرمەن و یۆنـــانی و ئاسورییەکان[1].

٦- ئەگەرچـــی بەشـــی یەکەمـــی پەیمـــانەکە، بـــڕگەی ســـــێیەم، مادەکـــــانی (٣٧-٤٤) تـــــایبەتکرابوو بەمـــــافی کەمایەتییەکـــان، بەڵام ســـەرنجەکە زیـــاتر لەســـەر مـــافی کەمـــایەتییە ئاینییەکـــانبوو[2]، تورکیـــا هـــیچ مەرجێکـــی ســـەبارەت بە مـــافی پێکهـــاتەیەکی نەتەوەیـــی گرنـــگ و گەورەی وەک کـــورد بەســـەردا نەســـەپا، تەنهـــا ئەوەنەبـــێ وەک کەمە نەتەوەیـــــــی و ئایینیەکـــــــانی دیـــــــکە بە ناڕاســـتەوخۆ بـــاس لەمـــافی ئـــایینی و ڕۆشـــنبیری کـــراوە[3]،

---

[1] - شەفیقی حاجی خدر: پەیمانی...، ل٥٤.

[2] - دەقی پەیمانی لۆزان بە زمانی ئینگلیزی:
https://jusmundi.com/en/document/treaty/en-treaty-of-peace-treaty-of-lausanne-1923-treaty-of-peace-treaty-of-lausanne-tuesday-24th-july-1923

[3] - سەرباز مەجید خۆشناو: بەستێنی...، ل ١١٢.

که ئەمەش ڕێـــگەی خۆشـــکرد بـــۆ دەوڵەتـــی تـــورک تـــا بەتەواوی نکۆڵی لەبوونی کورد بکەن لە تورکیادا.

٧- پەیمـــــانی لـــــۆزان نەک هەر خەونـــــی ئەو دەوڵەتە کـــوردیەی لەبـــاربرد کە لە پەیمـــانی ســـیڤەردا بڕیـــاری لێـــدرابوو، بەڵکـــوو دابەشـــکردنی کوردســـتانی ژێـــر دەســـەڵاتی عوســـمانی بەســـەر ســـێ دەوڵەتە نـــوێیەکەدا (تورکیـــا، عێـــراق، ســـوریا) بەفەرمیکـــرد[1]، ئەمەش بەواتـــای ئەوە دێـــت کە ئیتـــر جـــوڵانەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــوردی ئەگەر بەرپـــاش بێـــت مەترســـی گەورەی لەســـەر دەوڵەتـــی نوێی تورک نابێت.

---

[1] – شێرکۆ کرمانج و ئەوانی تر: دوای...، ل ٦٧.

## چارەنووسی ویلایەتی موسڵ:

زۆرجـــار دەبیســـتین گـــوایە بەپێـــی پەیمـــانی لـــۆزان پرســـــی ویلایەتـــــی موســـــڵ یەکلاکـــــراوەتەوەو ئەگەر پەیمـــــانەکە پـــــاش سەدســـــاڵ، واتە لە ٢٤ی تەمـــــووزی (٢٠٢٣)دا هەڵبوەشـــــێتەوە، ئەوا تورکیـــــا شـــــەرعیەتی یاســـایی بـــۆ داگیرکردنـــی ویلایەتـــی موســـڵ (باشـــووری کوردســـــتان) دەکەوێـــــتە بەردەســـــت، لەکاتێکـــــدا ئەمە بۆچـــونێکی بـــێ بنەمـــایە، یەکەم: لەبەر ئەوەی لەهـــیچ گۆشـــەیەکی پەیمـــانەکەدا وادەیەک بـــۆ هەڵوەشـــاندنەوەی دیـــارینەکراوە، دووەم: پرســـی ویلایەتـــی موســـڵ هەروەک لە بەشـــی یەکەمـــی پەیمـــانەکە، بـــڕگەی یەکەم، مـــادەی ســـێیەمدا هـــاتووە: " ئەگەر لە مـــاوەی نـــۆ مانگـــدا لەڕێـــی دانوســـــتانی ئاشـــتیانەوە لەنێـــوان بەریتانیـــاو تورکیـــادا پرسـی سـنوری نێـوان تورکیـا و عێـراق یەکـلا نەکـرێتەوە،

که مەبەســـت لێـــی ویلایەتـــی موســـڵە، ئەوا پرســـەکە دەخـــرێتە بەردەم کـــۆمەڵەی گەلان"[1]. کە لە کۆتایشـــدا هەرواکـــراو پرســـی ویلایەتـــی موســـڵ خـــرایە بەردەم کـــۆمەڵی گەلان، ئەویـــش لیـــژنەی تـــایبەتی بـــۆ پێکهێنـــاو ســـەردانی ویلایەتـــی موســـڵیانکرد، ئەگەرچـــی بەپێـــی ڕێـــژەی دانیشـــتوان ســـەلماندیان زۆریـــنەی دانیشـــتوانی ویـــــلایەتەکە کـــــوردن، بەڵام بە بیـــــانوی ئەوەی کە ویـــلایەتەکە لەڕووی ئـــابوورییەوە بەناوچەکـــانی عێـــراقەوە بەســـــتراوە، بە بڕیـــــارێکی فەرمـــــی لە (١٦/١٢/١٩٢٥)دا کـــۆمەڵەی گەلان ویلایەتـــی موســـڵی خســـتەپاڵ عێـــراق[2]،

---

[1] – دەقی پەیمانی لۆزان بە زمانی ئینگلیزی:
https://jusmundi.com/en/document/treaty/en-treaty-of-peace-treaty-of-lausanne-1923-treaty-of-peace-treaty-of-lausanne-tuesday-24th-july-1923

[2] – لقمان فاروق نانەکەلی: کورد (لە مێژوو و پەیماننامە نێودەولەتیەکاندا وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەولەت لەو

پاشـــــان له (١٩٢٦/٦/٥)دا، ڕێككەوتنێكـــــی ســـــەربەخۆش لەنێـــوان توركیـــاو عێراقـــدا بەســـترا، كە تێیـــدا توركیـــا لەبەرامـــبەر كۆمەڵێـــك دەســـتكەوتی ئابووریـــدا ڕازیبـــوو بە لكانـــــــــــدنی ویـــــــــــــلایەتەكە بەعێـــــــــــــراقەوە[1].

واتە ئەگەرچـــی لە پەیمـــانی لۆزانـــدا مـــاوەی نـــۆ مانـــگ بـــۆ چارەســـەری كێشـــەی موســـڵ دانـــرا، بەڵام یەكلاكـــردنەوەی پرســـەكە پـــاش ســـێ ســـاڵ و بە بڕیـــاری كـــۆمەڵەی گەلان و پاشـــان ڕێككەوتنێكـــی تـــایبەتی لەنێـــوان توركیـــاو عێراقـــدا، بەئەنجام گەیشت.

---

سەردەمەدا)، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٤)، ل ١٥٠.

[1] – میم كەمال ئۆقە: كرۆنۆلۆژیای...، ل٧٠.

## ئەنجام:

لە کۆتـــایی ئەم تـــوێژینەوەیەدا گەیشـــتین بە چەنـــد ئەنجامێک:

١- چەنـــد هۆکارێـــک ڕۆڵـــی ســـەرەکییان بینـــی لە دەرکەوتـــن و گەشەســـەندنی بـــزوتنەوەی کەمالیـــدا، لەوانە لەبەریەک هەڵوەشـــانی دەوڵەتـــی عوســـمانی و هەڵوێســـتە لاوازەکـــانی ســـوڵتان لەبەرامـــبەر هاوپەیمانانـــدا، هەروەهـــا هاتنەنـــاوەوەی یۆنـــان بـــۆ نـــاو ئیزمیـــرو فراوانکردنـــی داگیرکارییەکـــانی، کە وایکـــرد چینـــی گشـــتی خەڵـــک پشـــتیوانی لە بـــزوتنەوەی ڕزگـــاری نیشـــتمانی بـــکەن، ســـەرەڕای ئەمـــانەش هەڵگیرســـانی شۆڕشـــی بەلشـــەفی و کشـــــانەوەی ڕووســـــیا لە ویلایەتەکـــــانی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵێکـــی ســـەرەکی و گرنگـــی بینـــی لە گەشەســـەندنی کەمالییەکاندا.

٢- پـــــاش ســــــەرکەوتنی کەمالییەکـــــان لەجەنگـــــی ســــــەربەخۆییدا، کۆمەڵێـــــک گۆڕانکــــاری هەرێمـــــی و نێــودەوڵەتی ڕویانــدا کە بە بەرژەوەنــدی ئەوان شــکایەوە، لەوانە کێشـــــە ناوخۆییەکـــانی ئەوروپـــا وەک کێشـــەکانی نێـــــوان ئەڵمانیـــــا و فەڕەنســــــا، هەروەهــــــا کێشـــــە ناوخۆییەکـــانی ئیتاڵیـــــا، ئەمە ســـــەرەڕای دەرکەوتنـــــی زلهێزێکــی نــوێ کە پشــتیوانی کەمالییەکــان بــوو ئەویــش یەکێتـــی ســـۆڤیەتبوو، ئەمـــانە هەمـــوو تێکـــڕا کـــاریگەری گەورەیـــان هەبـــوو لەســـەر لاوازی گوتـــاری هاوپەیمانـــان بەرامبەر تورکیا لە پەیمانی لۆزاندا.

٣- نەبـــــوونی دیبلۆماســـــیەتێکی بەهێـــــزی ئەرمەن و کـــورد و کەمایەتیەکـــانی دیـــکە، ڕێگەخۆشـــکەربوو بـــۆ تورکەکـــــان تـــــا پەیمـــــانەکە بە جۆرێـــــک دابڕێـــــژن کە بەرپرســـیاریەتی گەورەیـــان ســـەبارەت بە مـــافی نەتەوەیـــی

هـــــيچ یەک لەو پێکهاتـــــانە بەڕاســـــتەوخۆ بەســـــەردا نەسەپێت.

٤- ئەگەرچـــی پرســـی ویلایەتـــی موســـڵ یەکێـــک لە بــابەتە گرنگەکــانی نێــو کۆبونەوەکــانی لــۆزان بــوو، بەڵام نەتــوانرا لەم پەیمــانەدا چارەســەری کۆتــایی بــۆ پرســەکە بــدۆزرێتەوە، بەڵکــوو یەکلابــوونەوەی ئەو پرســـە پــاش نزیــک بە ســێ ســاڵ و لە ئەنجــامی دەســت تێــوەردانی کــۆمەڵەی گەلان و پاشـــان ڕێککەوتنـــی تـــایبەتی نێـــوان تورکیا و عێراق، بە ئەنجام گەیشت.

## لیستی سەرچاوەکان:

١- ئـازاد علـی مولـود: بیـری نەتەوەیـی کـورد بەر لە جەنگـی یەکەمـی جیهـانی و پەیوەنـدی کـورد بە جەنگەکەوە، زانکۆی ڕاپەڕین، (٢٠١٨).

٢- ئەحـمەد حەمەدئەمـین: چەنـد لاپەڕەیەک لە مێـژووی نـوێ و هـاوچەرخی عێـراق، چـاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٠).

٣- ئێـرک جەی . زورچەر: مێـژووی هـاوچەرخی تورکیـا، وەرگێڕانـی: پ.ی.د. یاسـین سەردەشـتی، چـاپی دووەم، چاپخانەی سیما، (سلێمانی، ٢٠٠٩).

٤- پشـکۆ حمەتـاهیر عبـدالرحمن: شـاری کەرکـوک لەنێـوان سـاڵانی ١٩١٧-١٩٢٦، ماسـتەرنامەیەکی بڵاونەکـراوەیە، پێشکەشـی بەشـی مێژویـی کـۆلێژی

زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، (سلێمانی، ٢٠٠٦).

٥- چارلز تریب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی: محەمەد حوسین ئەحمەد ـ عەبدولقادر کەلهور، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٣).

٦- حەمید بۆزئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، (هەولیر، ٢٠١٢).

٧- دیوید مەک داول: مێژووی هاوچاخی کورد، وەرگێڕانی: حامید ڕەشیدی زەرزا، چاپی ئەلکترۆنی.

٨- ســـامان حوســـێن ئەحـــمەد: زلهێزەکـــان لە یەکەم جەنگـــی جیهـــانییەوە تـــا کۆتـــایی جەنگـــی ســـارد ١٩١٤-١٩٩١، چاپی یەکەم، (٢٠٢٠).

٩- ســـەرباز مەجیـــد خۆشـــناو: بەســـتێنی مێژوویـــی و کـــاریگەری قۆنـــاغی نێـــوان پەیماننامەکـــانی ســـیڤەر و لـــۆزان لەســـەر جـــولانەوەی نەتەوایەتـــی کـــورد بـــۆ پرســـی ســـــەربەخۆبوون، چـــــاپی یەکەم، چاپخـــــانەی رۆژهەلات، (هەولێر، ٢٠١٨).

١٠- شـــەفیقی حـــاجی خـــدر: پەیمـــانی لـــۆزان... ســـەد ســـاڵ دابەشـــکاری و بندەســـتی، گۆڤـــاری ئـــاژین، ژمـــارە (٣)، (٢٠٢٢).

١١- شـــێرکۆ کرمـــانج، ئـــارام ڕەفـــعەت، ئیبـــراهیم ســـادق مەلازادە، نەزەنـــد بەگیخـــانی، ســـەردار عەزیـــز: دوای ســـەد

ساڵ لە سیڤەر کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟، چاپی یەکەم، (تاران، ٢٠٢٢).

١٢- کامەران محەمەد: کورد..بونیادێکی نەخەملیو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، (سلێمانی، ٢٠٢٠).

١٣- لقمان فاروق نانەکەلی: کورد (لە مێژوو و پەیماننامە نێودەولەتیەکاندا وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەولەت لەو سەردەمەدا)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر، ٢٠١٤).

١٤- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، بەرگی یەکەم، (سلێمانی، ٢٠٠٠).

١٥- محەمەد ڕەسوڵ هاوار: کوردو باکوری کوردستان..لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە هەتا

دوای شۆڕشـــی شـــێخ ســـەعید لەپیـــران، چـــاپی دووەم، بەرگی دووەم، (٢٠٠٦).

١٦- مـــوحەممەد گەلاڵەیـــی: لۆزان..ڕێکەوتننـــامەیەک دژ بە دروســـتبوونی دەوڵەتـــی کوردســـتان، گۆڤـــاری ئـــاژین، ژمارە (٣)، (٢٠٢٢).

١٧- مـــیم کەمـــال ئـــۆڤە: کرۆنۆلۆژیـــای مەســـەلەی موســـڵ، وەرگێڕانـــی: ســـەلام نـــاوخۆش، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، (دهۆک، ٢٠٠٠).

١٨- نەجـــم ســـەنگاوی: کوردســـتان و ســـەرکردەو ڕاپەڕیـــن و شۆڕشـــەکانی لە(١١٦٩- ١٩٩٥ز)، چـــاپی یەکەم، (٢٠١٤).

١٩- نەوشــــيروان مســــتەفا ئەمـــين: كـــوردو عەجەم مێـــژووی سیاســـی كوردەكـــانی ئێـــران، چـــاپی ســـێیەم، چاپخانەی ڕوون، (سلێمانی، ٢٠٠٧).

٢٠- دەقی پەیمانی لۆزان بە زمانی ئینگلیزی:

https://jusmundi.com/en/document/treaty/en-treaty-of-peace-treaty-of-lausanne-1923-treaty-of-peace-treaty-of-lausanne-tuesday-24th-july-1923

**زنجیرەی:**

**((مێژوو بۆ کورد))**

پرۆژەیەکـــی خۆبەخشـــانەی قـــازانج نەویســـتە، لەلایەن گروپـــی (مێـــژوو بـــۆ کورد)ـــەوە سەرپەرشـــتی دەکرێـــت. ئامـــــانج لێـــــی کـــــۆکردنەوەی ئەو بـــــابەت و تـــــوێژینەوە مێـــژووییە ئەکادیمییـــانەیە کە لەلایەن تـــوێژەران بەگشـــتی و گەنجـــان بە تـــایبەتی، ســـەبارەت بە بـــوارە جیاوازەکـــانی مێـــژووی کـــورد و جیهـــان، بە زمـــانی شـــیرینی کـــوردی نووسراون.

پەڕەی مێژوو بۆ کورد، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

- Facebook: History for kurds مێژوو بۆ کورد
- Telegram: History for kurd مێژوو بۆ کورد
- Instagram: History_for_kurd